# مێژووی ئایین لە هەورامان

کەیوان ئازاد ئەنوەر [١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٠/٠٨ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/١١/٠٢

**کورتە**

(هەورامان) بە یەکێک لە ناوچە دیار و دێرینەکانی کوردستان دادەنرێت. ناوچەیەک سەرباری ئەوەی خاوەن ڕەسەنایەتی و شێوەزار و کەلتووری سەربەخۆ و ڕێوڕەسم و سرووتی ئایینی خۆی بووە، لە هەمان کاتدا خاوەن چەندین خەسڵەتی شارستانییەتی گەورەش بووە. ئەوەش لە خۆڕا و بە پیاهەڵدان نەبووە بۆ ناوچەیەکی کوردستان، بەڵکو تۆمار و بەڵگەنامە مێژووییەکان شاهیدی چەندین دەساوەردی مێژوویی ئەو ناوچەیەن، کە ڕەسەنایەتییەکەی دەسەلمێنن. لێرەوە بۆ تیشکخستنەسەر تەنیا لایەنێکی مێژوویی ئەو ناوچەیە، کە لایەنی ئایین و بیروباوەڕە، ئەم توێژینەوەیە ئامادەکرا، تا تیشک بخاتە سەر مێژووی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایین و بیروباوەڕ لە هەوراماندا. بۆ ئەو مەبەستەش وێڕای تیشکخستنەسەر پێگەی جوگرافی ناوچەی هەورامان و کورتەیەک لە ژیانی سەرەتایی تێدا، ئاماژە بە دەرکەوتنی ئایین و ئایینزا و ڕێبازەکانی بەپێی ڕەوتی مێژوو کراوە. هەر لە ئایینەکانی (جوو، مەسیحی، ئیسلام)، وەک (سێ) ئایینی ناسراوی ئاسمانی، تا بە ئایینەکانی (زەردەشتی، کاکەیی، مانی) دەگات، لەگەڵ هەردوو ڕێبازی تەسەوفی (قادری و نەقشبەندی)، کە ڕۆڵی دیاریان نەک تەنێ لەسەر ژیانی ئایینی، بەڵکو لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی ناوچەکەش هەبووە.

**وشە سەرەکییەکان:** ئایین، هەورامان، یارسان، اسلام، کورد، کوردستان.

The Quarterly Journal of Shinrwe

١- دۆکتۆرای شوێنەوارناسی، زانکۆی سلێمانی.

# History of religion in Hawraman

Kaywan Azad Anwar[1]

Recive data: 2020/10/08 Accpte data: 2020/11/02

**Abstract**

Hawraman is one of the distinctive and old regions in Kurdistan, which is known for its ancient history, distinctive dialect, culture, and religious ceremony. At the same time, it has some great cultural characteristics. The historical evidence that have been discovered in Hawraman prove its great past. This study addresses some aspects of the history of the region in general and focuses on beliefs and religions in particular, to shed light on the history of religion in Hawraman. This paper begins with a brief discussion about the geography of Hawraman and early history of mankind from ancient times. Moreover, it examines the emergence of various religions, beliefs and sects in the area in the course of history, including the three divine religions: Judaism, Christianity and Islam in addition to Zoroastrianism, Yarsani, and Manism. It also addresses Qadri and Naqshbandi Sufi orders which played significant roles not only in the religious life in the region, but also in political, social and administrative life as well.

**Keywords:** Religion, Hawraman, Yarsan, Eslam, Kurd, Kurdistan.



1 PHD.Archaeology Department, Sulaimani University, Kurdistan-Iraq.

### چەمک و زاراوەی هەورامان

سەبارەت بە چەمک و زاراوەی (هەورامان) بۆچوونی جیاوازی لە لای مێژوونووسان و توێژەران دروست کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە و بۆچوونی زۆربەی زۆری ئەم بوارەیە، ئەوەیە، کە زاراوەی (هەورامان) لە هەردوو بڕگەی (ئاهورا) واتە (خودا) و (مان)دا واتە (گەورە) وەرگیراوە. بەمەش تێکڕای زاراوەکە بە مانای (خودای گەورە) هاتووە. مەبەستیش لەو چەمکە بەو مانایە بووە، کە ناوچەکە بە پێی بەرزیی ڕووی خاکی بە ناوچەیەکی پیرۆز و مەڵبەندی پەرستنی (خودای ئاهورا) واتە (خودای گەورە) ناسراوە.

### پێگەی جوگرافیای هەورامان

هەورامان دەکەوێتە بەشی ناوەندی هەردوو بەشی باشوور وخۆرهەڵاتی کوردستان. ڕووبەڕی خاکەکەی (٣٠٠٠-٣٥٠٠کم٢) یە و دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (٤٥،٥-٤٦،٥)ی خۆرهەڵات و بازنەکانی پانی (٣٥-٣٥،٥) باکوور. نزیکەی (٧٠٠-٣٠٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاشەوە بەرزە[١]. دوابەدوای ڕێککەوتنامەی (ئەرزەڕوومی دووەم)، کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی (قاجاری و عوسمانی) لە (١ی نیسانی١٨٤٧ز) لە شاری (ئەرزەڕووم)ی کوردستانی باکوور واژۆ کرا، ناوچەی هەورامان کرایە (دوو) بەشەوە. بەشی خۆرهەڵاتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی (دەوڵەتی قاجاریی شیعە) و بە (هەورامانی سەخت) ناسرا. ناوچەی خۆراواشی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیی سوونە و بە (هەورامانی تەخت) ناسرا (مشیر الدولە، ١٣٤٨: ٤٣-٤٧). دواتر و لە ساڵی (١٩٠٥ز) بەهۆی دەستەیەکی سیاسی و جوگرافی هەردوو دەوڵەتی ناوبراوەوە سنوورەکە بە تەواوی پەسند و جێگیر کرا .

### ژیانی سەرەتایی لە ناوچەی هەورامان

لێکۆڵینەوە زەویشوناسی و شوێنەوارییەکان دەریان خستووە، کە پێکهاتی زەوییەکانی هەورامان بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوانە دەریان خستووە، زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کە (هەورامان) وەک ناوچە دەکەوێتە سەر ئەو زنجیرەیە لە سەردەمی (بالیلۆسین) واتە (٦٥ملیۆن) ساڵ لەمەوبەر دروست بووە. دەشتاییەکانی لاپاڵیشی لە سەردەمی (بلایستۆسین) واتە (٢٠ملیۆن) سال لەمەوبەر پێکهاتووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی سەرجەم تیۆرەکانی ئاووهەوا پشتگیری لەوە دەکەن، کە مەرجەکانی ئاووهەوای لەبار بۆ بوونی ژیانی سەرەتایی لە کۆندا بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە (رشید احمد،١٩٩٠ز: ١٧-١٨). بەو پێیەش ژیانی سەرەتایی بۆ ناوچە شاخاوییەکان دەگەڕێتەوە و (هەورامان)یش ناوچەیەکی شاخاوی سەختە،

بۆیە ژیان لەم ناوچەیە بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. تەنانەت بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین ژیان لەم ناوچەیە بۆ زیاتر لە (سەد هەزار) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەڵام تا کاتی دەرکەوتنی لۆلۆبییەکان وەک یەکێک لە کۆنترین ئەو کۆمەڵانەی نیشتەجێی دەشتاییەکانی شارەزوور هیچ شتێکی وەها لەو مێژووە کۆنە نازانین. لۆلۆبییەکانیش بەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە ناوچەی شارەزوور نیشتەجێ بوون و میرنشینی (خەمازی)یان دامەزراندووە، تا ئەوەی توانیویانە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ میرنشینی (ئێبیلا)ی باشووری شاری (حەلەب) لە وڵاتی شام دروست بکەن. سەبارەت بە ژیانی ئابووری لۆلۆبییەکانیش ئەوەندە زانراوە، کە کشتوکاڵیان زانیوە و برەویان پێ داوە و ئاژەڵداری و بازرگانی کۆیلە و شمەکی ناوماڵیان کردووە. تەنانەت ناوچەکانیان لە باشترین بازاڕەکانی دانەوێڵە بوون لەو سەردەمەدا.(رشید احمد،١٩٩٠: ٤٣-٥٢)

لێرەوەش بە هەڵەدا ناچین ڕەچەڵەکی دانیشتووانی هەورامان یان بە واتا مێژووییەکەی (هەورامییەکان) بۆ لۆلۆبییەکان بگێڕینەوە، کە ئەم ڕاستییە زۆر کۆنترە لە گێڕانەوەی ئەوان بۆ (بەهمەن کوڕی دارا کوڕی بەهمەن کوڕی ئەسفەندیار کوڕی گوشتاسپ کوڕی لەهراسب کوڕی سیاوەش کوڕی کەیکاوس کوڕی مەرمەهاد کوڕی مەنوچەهر کوڕی سیامەند کوڕی کیومەرس) (هورامانی، ١٣٨٠ ک،ه: ٥٧٢)، (بەهمەنی،٢٠٠١ز: ١١٢). دیارە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی هەورامییەکان بۆ (١١) پشتی دوای (بەهمەن) واتە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی (بەهمەن) بۆ کەمتر لە (هەزار) ساڵی مێژوویی، خۆ ئەگەر (بەهمەن) هاوسەردەمی سۆمەرییەکان بووبێت، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە مێژووی هەورامییەکان بۆ دواتر لە سۆمەرییەکان بگێڕینەوە، بۆیە هەڵەیەکی گەورە دەکەین ژیان لە ناوچەیەکی چیایی سەختی وەک هەورامان تەنانەت بۆ سەردەمی دوای (گوندی چەرمۆ) بگێڕینەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (٦٧٠٠) پێش زایین. ئەمە جگە لە ژیان لە ئەشکەوتەکانی (شانیدار)ی دامێنی چیای برادۆستی سەر بە پارێزگای هەولێر و (هەزارمێرد)ی دامێنی چیای بەرانانی باشووری شاری سلێمانی، کە ژیان لە یەکەمیان بۆ نزیکەی (٦٠هەزار) ساڵ و لە دووەمیان بۆ نزیکەی (٥٠هەزار) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە (بەهمەنی،٢٠٠١ز: ١٥-١٨). ئیتر چۆن ژیان لە ناوچەی سەخت و بەرزی هەورامان بۆ لەو مێژووانە کەمتر بگەڕێتەوە.

## ئایین لە هەورامان

(ئایین) مێژووییەکی کۆنی لە هەوراماندا هەبووە و تا ئاستێکیش کاری لە کۆمەڵگای هەورامان کردووە. دیارە ئەوەش لەسەر ئەو باوەڕەی کە ئادەمیزاد وەک گیانەوەرێکی ژیر و بیروباوەڕ وەک پێویستییەکی ڕۆحی بۆ ئادەمیزاد، زەویش وەک مەنزڵگایەکی هەمیشەیی بۆی، سەرەتای ئەو ڕاستییە بوون، کە لەگەڵ:

دروستبوونییەوە لەسەر زەوی و سەرهەڵدانی بە کۆمەڵە باوەڕ و قەناعەتێکەوە لەگەڵ ژیاندا ڕۆیشتووە. لێرەوەش کورد وەک کۆمەڵێکی دێرینی سەر ڕووی زەوی بۆ ئەو ڕاستییە چووە، کە زاتێک بنیاتنەری زەوی و ئەم بوونەوەرەیە. سا ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی ژیان لە ناوچە شاخاوییەکان بووبێت، ئەشکەوتەکانیش یەکەمین مەنزڵگای مرۆڤی سەرەتایی بووبن و ژیانی ڕۆژانەی و بژێوی لەسەر ڕاوی گیانداران و سەوزایی لاپاڵی چیا و دەشتەکان و بەری درەختەکان بەڕێوە چووبێت، هیچ جێگای گومان و سەرسوڕمان نییە، کە مرۆڤی کۆن لە هەورامانیدا سەرەتا (خۆر و مانگ و ئەستێرە و لافاو و باران و ...تاد) پەرستبێت. ئەمە جگە لە پەرستنی ئەو گیانەوەرانەی لێی دەترسا وەک (شێر و بەراز و مار ...تاد). یان ئەوانەی سوودی بۆیان هەبوو وەک (مانگاو بزن و ڕەشە وڵاخ و...تاد)(تقی الدباغ، **١٩٩٢: ٨-١٠**).

بەرەو پێشچوونی ژیان لە هەورامان و سەرهەڵدان و گەشەکردنی و پێشکەوتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ژن و ژنخوازی و مامەڵەی بازرگانی، وایان لە دانیشتووانەکەی کرد لە پەرستنی سروشت و دیاردەکانی دەروربەری بیر لەوە بکەنەوە (خودا) لە شێوەی (بت) دروست بکەن و بیپەرستن. ئەوەش لەسەر ئەو باوەڕەی، کە بەڵکو ئەمە خودایە بەهۆی ئەو بتانەوە لە پەروەردەگاری دروستکەری زەوی و ئاسمان نزیکیان بکاتەوە. (ئەنوەر، **٢٠٠٨ز: ٥٧-٥٨**).

هەر لێرەوە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایین و بیروباوەڕە مێژووییەکان، ڕیشەیەکی کۆنی لە هەورامان و لای دانیشتووانەکەی هەیە. لەم بارەوە گەیشتن بە مێژووی کۆنترین ئایین و باوەڕ لە هەوراماندا کارێکی قورسە. ئەوەش لە لایەک بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و دەقی مێژوویی ڕەسەن لەو بارەوە، لە لایەکی دیکەوە بۆ کەمی کاری کنینە و پشکنین لە کوردستاندا، تا کۆنترین مێژوومان بۆ باوەڕی ئایینی بۆ دیاری بکات، بەڵام ئەوەی زانراوە ڕێڕەوی باوەڕ لە کوردستاندا لە دیاردەی سروشتپەرەستی بۆ بتپەرەستی و دواتر بۆ دوانەپەرەستی و پاشان بۆ یەکتاپەرستی هەنگاوی ناوە. ئەوەش دوای لێکۆڵینەوە لەو سەرچاوە و دەقە مێژووییانەی ئاماژەیان بە ژیانی سەرەتایی کوردستانی کۆن و باوەڕی ئایینی کردووە. هەر وەک ئەوەی ناوی بەشێک لە کۆمەڵانی کوردستانی کۆن وەک (کاشی و خوری و میتانی) بە ناوی (خودای خۆر)ەوە بەستراوەن. وەک ناوی کۆمەڵی (کاشییەکان)ی نیشتەجێی ناوچەی کرماشانی ئێستا لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، بە ناوی خودای (کاش یان کادندیناش) و ناوی کۆمەڵی (خورییەکان) وەک کۆمەڵێکی نیشتەجێی نێوان هەردوو دەریاچەی (ورمێ و وان) لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین بە خودای (خور)ەوە بەستراوەتەوە. هەروەها ناوی (میتانییەکان)یش وەک کۆمەڵێکی نشتەجێی چەند بەشێکی خۆراوا و باکووری کوردستانی کۆن لە هەزارەی

The Quarterly Journal of Shinrwe

دووەمی پێش زایین بە ناوی خودای (میترا)ەوە بەستراوەتەوە (جمال رشید، س.پ: ٦١-٧٨)، بۆیە زۆر ئاساییە ناوی (هەورامان)یش لە زاراوەی (هور) یان (ئاهور) بە واتای (خودا) وەرگیرابێت، کە ئەمشیان زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە.

بەڵام سەبارەت بە دەرکەوتنی پەیامبەران لەم ناوچەیە، ئەوەندە ساخ بۆتەوە، کە هیچ یەک لە (نوح کوری لامەک[٢] (الطبري، ١٩٨٨ز: ١٤٤-١٤٥) و ئیبراهیم کوڕی ئازەر (الطبری،١٩٨٨: ١٤٧/١)(ابن الاثیر،١٣٥٣: ٨٤/١)(ابن الکثیر،١٩٩٩: ٨٨)، کە لە شاری (ئرو) دەرکەوتن و سەردانی کوردستانیان کرد، نە خۆیان گەیشتنە ئەم ناوچەیە و نە پیڕەوانیشیان لە هەورامان بۆ دروست بوو. ئەمە و (یونس)ی پەیامبەریش، کە لە نزیک شاری (نەینەوا-موسڵ) و لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئاشوورییەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین دەرکەوت و پەیامەکەی گەیاندە شارەکە و دەوروبەری (ابن کثیر،١٩٩٩: ٢٥٧-٢٥٨)، (الکیلانی،٣٠٩-٣١٨)، بە ناوچەی هەورامان نەگەیشت، بۆیە کاتێک دەمانەوێت بگەینە مێژووی دەرکەوتنی دیارترینی ئەو ئایین و ئایینزا و ڕێبازە سۆفیگەریانەی لەم ناوچەیەدا دەرکەوتن و ڕۆڵی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی بینی، ئەمانە بوون:

**١- ئایینی جوو:** گەیشتنی ئەو ئایینە بە کوردستان و ناوچەی (هەورامان) بۆ شاڵاوەکانی (تیجلات بلاسەری سێیەم/٧٤٥-٧٢٧پ.ز) و (شەلمانسەری پێنجەم/٧٢٧-٧٢٢پ.ز) پادشاکانی ئاشووری دەگەڕێتەوە، کاتێک یەکەمیان لە هێرشێکیدا کە کردیە سەر میرنشینی ئیسرائیلی باکوور و سەدان جووی لەو میرنشینە بەدیلی هێنایەوە بۆ (نەینەوا)ی پایتەخت.[٣] (سوسە، ١٩٩٨: ٦) دووەمیشیان لە دژی هەڵگەڕانەوەی پادشای میرنشینی باکووری ئیسرائیل (هۆشع کوڕی ئێلا/٧٣٢-٧٢٢پ.ز) ئیمپراتۆڕێتی ئاشووری بەوەی ئامادەی پێدانی باج نەبوو پێیان، هێرشێکی کردە سەر ئەو دەوڵەتە. لەبەرامبەردا دەیان جووی تری بە دیلی هێنایە شاری (نەینەوا) (عبدالحلیم،١٩٨٥: ١٤٨). بە دوای ئەوانیش چەندین ئیمپراتۆڕی ئاشووری بواریان بۆ ڕەخسا، چەندین پێشەوەر و ئەندازیاری بیناسازی و هونەرمەند بێنن، تا لە خزمەت بەرنامە و کارەکانی پادشاکانی ئاشووریدا بن. (مرعي،٢٠٠٨: ١٢) ئەو ڕووداوانەش هۆکاری گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە بوو لە ناوچەکانی سنووری قەڵمڕەوی ئیمپراتۆرێتی ئاشووری، کە چەند ناوچەیەکی خۆرئاوا و باکوور و باشووری کوردستان بەشێک بوون لێی، یەکێک لەو ناوچانەی ئەم ئایینەی پێگەیشت، (هەورامان) بوو.

بە دوای ئەو ڕووداوانەشدا شاڵاوەکەی (نەبوخوز نەسەری کوڕی نەبوبلاسەر)ی پادشای کلدانی بوو بۆ بەشی باشووری خاکی فەلەستین، کە (دەوڵەتی ئیسرائیلی باشور)ی پێدەگوترا. دواجار بەهۆی ئەو شاڵاوەوە

پایتەختەکەی شاری (ئۆرشەلیم) لە ساڵی (٥٨٦پ.ز) داگیرکرا و دەوڵەتەکە ڕووخا. لەو شاڵاوەشدا (سێ هەزار) جوولەکەی شارەکەی ڕاپێچی شاری (بابل)ی پایتەختی دەسەڵاتەکەی کرد (باقر، ١٩٥٦: ٥٤٧/١-٥٤٨)(احمد سوسە: ٣٢٩-٣٣٠). بەو پێیەشی خۆی زاوای (کەی ئەخسار)ی پادشای ماد بوو، بەوەی (ئامیتسی کچی کەی ئەخسار) خێزانی بوو، هەروەها لەو سەردەمەشدا ناوچەی هەورامان سەر بە قەڵمڕەوی دەوڵەتی ماد بوو(دیاگۆنۆف،٢٠٠٥ز: ٣٣٦)، بۆیە بەشێک لەو دیلە جووانەی بۆ دەرباری پادشای ماد نارد، تا خزمەت بە کۆشک و کارەکانی پادشا و دەوڵەتی ماد بکەن. بەهۆی ئەو ڕووداوەشەوە جارێکی تر دیلە جووەکان ئایینەکەیان هێنایە کوردستان و هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دا.

لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینییش میرنشینی ئەدیابێنی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (دایک هیلینا)دا ئایینەکە کرایە ئایینی ڕەسمی میرنشینەکە و هەوڵی بڵاوکردنەوەی درا (رشید احمد: س.پ: ١٢٧) هەروەها کوڕەکەی (ئێزاتیسی دووەم/٣٦-٦٠ز) لەسەر باوەڕی ئەو ئایینە بوو وە هەوڵەکانی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە خستە کار، تا ئەوەی چەند ئەندامێکی ئەو میرنشینە باوەڕیان پێ هێنا و ڕێزیان لە ئایین و پەرەستگاکانیان گرت.[٤] (ڕشید احمد، ٢٠٠٣م:١١٢-١١٣ ). لەم بوارەدا گەشتیاری جوو (بنیامین کوڕی توتەیلەی ئەندەلوسی) لە ساڵی (١١٧٠ز) ئاماژەی بەوە داوە، کە چەندین خێزانی جوو لە چیای (خەفتیان)ی هەرێمی ماد و ناوچەی هەورامان هەبوون. (بنیامین، ١٤٠٧: ١٨١-١٨٤)

**٢-ئایینی زەردەشتی:** ئەم ئایینەش بە یەکێک ئایینە کۆنەکانی کوردستان دادەنرێت، کە لە لایەن (زەردەشتی کوڕی پورشاسب)/٦٦٠-٥٨٣پ.ز)ەوە بانگەشەی بۆ کرا. دوای (چل و حەوت) ساڵیش لە پەیامبەری، پەیامەکەی بۆ هەڵگران و هەوادارانی بەجێ هێشت، تا لە بڵاوکردنەوەیدا درێغی نەکەن. بە درێژایی ساڵەکانی دوای سەرهەڵدانی، تا دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام، بە هەموو کوردستاندا بڵاوبویەوە و لایەنگرانی بۆ دروست بوو و پەیڕەوی بەرنامەکانیان کرد. لێرەوەش (ئایینی زەردەشتی) یەکەمین ئایین بوو ململانێی نێوان ئەو هێزەی (ئاهورامازدا و ئەهریمەن)ی خستە چوارچێوەیەکی ئایینی تایبەت و بۆچوونی ئایینی خۆی لەسەر دەربڕی. مێژووی ئەم بیرەش بۆ زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم ئایینە بیروباوەڕی دوانەپەرەستی لە بیروباوەڕێکی ناوچەیی کردە ئایینێکی دیار و بەربڵاو. لە لایەکی تریشەوە بەرفراوانی ئەم ئایینە وای کرد ببێتە یەکێک لە ئایینە دەرکەوتەکانی دەوڵەتی هەخامەنشینی و دواتر ئەشکانی. کاتێکیش ئیمپراتۆریێتی ساسانی جێگای دەسەڵاتەکەی پێش خۆی گرتەوە،(ئەردەشێری کوڕی بابەکان/١٨٠-٢٤١ز)ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریێتی ساسانی، ئایینی زەردەشتی زیندوو کردەوە و کردیە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتەکەی و بایەخی پێ

دا. (زکی، ١٩٩٩ز: ٧٧). تەنانەت لە چەند شاڵاوێکیدا بۆ چەند ناوچەیەکی کوردنشینی وەک (میدیا و شارەزور)، لە هەموو ئەوانەی دا، کە سەر بە پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی نەبوون (رشید احمد، ١٩٩٠: ١٣١). لێرەوەش تا ئەو کاتەی ئیمپراتۆرێتی ساسانی لە ساڵی (٦٥١ز) ڕووخا، ئایینی ڕەسمی و سەرچاوەی دەسەڵات و دەزگا بەرێوبەرایەتییەکانی بوو.[٥] (پیکولوسکایا و دیگران، ١٣٧٠ هـ.ش: ٣٧٨-٣٨٢، کریستنسن،س.پ: ٦٩-٧٠). لەمەشەوە بووە ئایینی بەشێکی تا ڕادە زۆری دانیشتووانی میرنشینە کوردییەکانی وەک (ئەدیابێنێ) لە هەولێر و (ئاوسروێنێ) لە جزیرە و (کوردوێنێ) لە دیاربەکر و (میدیا) لە هەمەدان، کە ناوچەی هەورامان سەر بەم میرنشینە بوو(طه باقر: س.پ، ٦٠٧/١-٦٠٨، د.جمال رشید احمد و د.فوزی رشید:س.پ: ١٢٠-١٢٩). کاتێکیش ئایینی ئیسلام لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زایینی گەیشتە کوردستان، پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەشێکی تا ڕادە زۆری پێکهاتەی ئایینی کوردستانیان پێک هێنابوو. بەو پێیەشی بۆ ماوەی (چوار سەدە) ئایینی ئیمپراتۆرێتی ساسانی بوو، بۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری شار و شارۆچەکانی کوردستاندا پەرەستگای زەردەشتی هەبوون، کە بە (ئاتشکەدە) ناسرا بوون، یەکێکیش لە دیارترین ئەو ناوچانەی ئەم ئایینەی پێگەیشت و بووە مەڵبەندێکی گرنگی ئەم ئایینە، ئەم ناوچەیە بوو(پیکولوسکایا و دیگران، هـ.س: ٦٧ -٨٠)

**٣- ئایینی مەسیحی:** سەبارەت بە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینەش لە کوردستاندا بە گشتی و ناوچەی هەورامان لە نێویشیدا بیروڕای جیاواز هەیە، هەر سەرچاوەیەک و بۆ سەردەمێکی دەگێڕێتەوە. ئەو سەرچاوانەشی مێژووی ڕاستەقینەی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکە دیاری دەکەن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە چ ئایینەکە کاریگەری لەسەر ژیاری کۆمەڵی کوردەواری و دانیشتووانی کوردستان و چ کوردستان کاریگەری لەسەر ئایینەکە دروست کردووە. یەکەمین دەرکەوتنی ئایینەکەش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە یەکێک لە هاوەڵەکانی عیسای مەسیح (د.خ) بە ناوی (تۆما) ساڵی (٥٢ز) گەشتێکی بۆ هیندستان کرد. ئەو لەو گەشتەیدا بۆ هیندستان، بە کوردستان و بە ناوچەی شارەزووردا ڕەت بوو وە خەڵکیشی بۆ سەر ئایینی نوێ بانگهێشت کرد (هەرشەمی،١٩٩٩: ٦٨). ئەمەو چەندین خۆرهەڵاتناس و توێژەری تر پشتگیری ئەوە دەکەن، کە ئەم ئایینە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا گەیشتۆتە کوردستان و باوەڕدارە مەسیحییەکانیش چەند بنکەیەکی قەشەنشینیان دامەزراندوە. ئەوەش نەک هەر لە ناوچەکانی (میسۆپۆتۆمیا و جەزیرە و ئادیابینێ و هەکاری). (نصيري،١٩٠٥م: ٣٢)( ابو اسحاق، ١٩٤٨م: ٦)، (علي يحيى،١٣: ٢٣).

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینیشدا (دوو) کەسایەتی مەسیحی بە ناوەکانی (قەشە ئەحەی و قەشە مارماری) ڕوویان کردە کوردستان و لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای کوردستاندا لەوانە (باقردی، بایەزید،

موسڵ، میسۆپۆتامیا) (أبونا: ١٧) دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە. هەروەها (عەبد مەشیخا/١٩٠-٢٢٥ز)، کە دوا قەشەی سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بوو لە هەولێر. لە سەرتاسەری کوردستاندا نزیکەی (٢٥) قەشەنشینی هەبووە، کە سەرپەرشتی دەکردن. (هەرشەمی،١٩٩٩: ٨٧) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تەنیا لە ماوەی دوو سەدەدا ئایینەکە بەو ڕادەیە بڵاوبۆتەوە .

ئەمەو لە لایەکی ترەوە (تریدادی سێیەم) پادشای ئەرمەنستان لە سەدەی چوارەمی زایینی، مەسیحییەتی کردە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتەکەی. (کورانی العدد: زردشت والزردشتیة (١)، القسم (٢ ص٢٢٥). ئەو کاتیش بەشێکی کوردستانی لەژێر دەسەڵاتیدا بوو. ئەمەش بەو واتایەی، کە ئەو ئایینە لە بەشێکی کوردستاندا کراوەتە ئایینی ڕەسمی. لەم ئاڵوگۆڕەدا کوردە دووردەستەکانی ئەو دەوڵەتە لەسەر ئایینی زەردەشتی مانەوە (عەسکەری، ١٩٨٤ز: ١٠) ، بەڵام شارنشین و پیشەوەران ئەم ئایینەیان وەرگرت و چوونە سەر ئایینی مەسیحی (سوسە: ١٢٢)، ( زکی،١٩٣١ز: ١١٨/١). ئەمەو لە ناوچەی هەکاری لە سەدەی شەشەمی زایینیدا چەندین ئوسقوفییەت هەبووە، کە سەپەرشتی کەنیسەکانی ناوچەکە و بڵاوکردنەوە و فێرکردنی باوەڕدارەکانی بە ئەرک و بنەماکانی ئەو ئایینە زانیوە. (شیر، ١٩٠٤: ٤٠/١)

لە سۆنگەی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەش دەگەینە ئەوەی کە ئایینەکە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و پەیڕەوان ولایەنگیرانیش بۆ دروست بووە. بە ڕادەیەک کوردستان بە مەڵبەندێکی گەورە و گرنگی مەسیحییەکان و لایەنگرانی لەو ڕۆژگارەدا ناسرا بوو.

**٤- ئایینی مانی:** ئەم ئایینەش بۆ (مانی کوڕی پاتک/٢١٦-٢٧٧ز)ی وێنەکێش دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی (شاپوری یەکەم/٢٤١-١٧١ز) (مهرین: ١٢٨) بانگەشەی پەیامبەرایەتی کرد.[٦] (ئەنوەر،٢٠٠٤ز: ٨٣-٨٥) ئایینی مانیش لە کوردستاندا بە شێوازێکی خێرا بڵاوبووەوە. بڵاوبوونەوەشی بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئایینەکە دەگەڕێتەوە. ئەوەش کاتێک خودی (مانی) چەند گەشتێکی سەرکەوتووی بۆ ناوچە کوردنشینەکان بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و پەیداکردنی پەیڕەوان ئەنجام دا. لەم بوارەدا چەند گەشتێکی بۆ ناوچەکانی (ئەدیابێنێ و شام و خۆراسان) ئەنجام دا و چەند خوێندکارێکی خۆیشی بۆ ئەو ناوچانە ڕاسپارد، کە ئەوەش ڕۆڵیان لە بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینەیان لە کوردستاندا بینی. (ئەنوەر، ٢٠٠٤: ١٢٤-١٢٦) لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە ئەم ئایینە لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی گەیشتۆتە ناوچە کوردنشینەکان و کاری لە کۆمەڵگەی کوردی کردووە. زۆریش پێدەچێت سەرەتای بڵاوبوونەوەی لە مەڵبەندە کوردنشینەکاندا بۆ ناوچەکانی (پارس و خوزستان و پاشان لورستان و شارەزوور و هەورامان و کرخینی و ئێربل و جزیرە و نوسیبین) بگەڕێتەوە. ئەوەش

The Quarterly Journal of Shinrwe

دوای ئەوەی مانی لە ساڵی (٢٤١ز)ی کۆتایی بە گەشتەکەی هێنا و لە ڕێگای دەریاوە بۆ نێو سنووری ئیمپراتۆریێتی ساسانی گەڕایەوە. بە پیادەش بە مەبەستی پەیداکردنی پەیڕەوانی نوێ بۆ ئایینەکەی بە ناوچەکانی پارس و خوزستان و میساندا تێپەڕی.(بهار،١٣٧١ش: ٨٢) (تابانی،١٣٨٠ش: ٣٣٨-٣٣٩) بەو ناوچانەی چەندین مەڵبەندی کوردنشینی تێدا بوو. (الاصطخري،١٩٦١م: ٦١-٦٥، ٧٠- ٧٢). لەو گەشتەی و لە گەڕانەوەیدا چەندین کەسایەتی و خەڵکانی ئەو ناوچانە باوەڕیان پێ هێنا. (ابن الندیم، ١٩٨٨م: ٢٥) (ویدن گرن: ٤٤-٤٥). زۆریش پێدەچێت کوردەکانی ئەو مەڵبەندانە (مانی)یان بینیبێت و بە پەیامەکەی ئاشنا بووبن و هەندێکیان باوەڕشیان پێ هێنابێت. لێرەوەش ئایینەکە زۆر بەخێرایی بە کوردستاندا بڵاوبووەوە ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەڵات و خوراواشی گرتەوە. بە ڕادەیەک تەنیا زەردەشتی لە نێو زۆربەی ئایین و بیروباوەڕەکانی تردا، تا دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی وەک ئەم ئایینە بە بەشێکی ناوچە کوردنشینەکاندا بڵاوبووەوە و کاریگەری خۆی لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا بەجێ هێشت. (زەند،١٩٧١ز: ٥٦-٥٧)، (تابانی، ١٣٨٠: ٣٤٨). مەڵبەندە کوردییەکانی بەری خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستیش ئەم ئایینەیان پێ گەیشت .

لە بەری کوردستانی خۆرهەڵاتیش سەرەڕای گەشتەکانی خودی (مانی) بەهۆی خوێندکارەکانییەوە پەیامەکەیان بە گوند و شارەکانی ئەو ناوچانەدا بڵاوکردەوە. ئەو هەوڵانەش ئەو ئایینەیان گەیاندە مەڵبەندە کوردنشینەکانی (هەمەدان و ئازەربایجان و خوزستان و پارس) لەوانەش شارەکانی (هەمەدان و مەراغە و کەنگاوەر و حولوان)، کە کەوتبوونە سەر ئەو ڕێگا بازرگانییە. (کریستنسن،١٩٥٧: ١١٥)، (گریشمن، ١٣٧٠ : ٥٧-٥٨).

سەرباری ئەو خاڵانەی وەک بەڵگەی مێژوویی ئاماژەیان پێ کرا، چەندین مێژوونووس و توێژەری مێژوویی پێیان وابووە، کە ئایینەکە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێ هێشتووە. لەم بوارەدا مێژوونووسی کورد (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) پێی وا بووە، کە ئەم ئایینە بە چەندین ناوچەی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە (زکی،١٩٣١: ١/٢٧٧)، کە ئاسایی یەکێک لەو ناوچانە کوردستان بووە. خۆرهەڵاتناس (ئارسەر کریستنسەن) پێی وابووە ''ئایینی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەناو هەردوو ئیمپراتۆریێتی ساسانی و ڕۆمانیدا بە ناوچەکانی ئەدیابێنێ و ڕوها و نوسیبینیشدا بڵاوبۆتەوە''.(کریستنسن،١٩٥٧: ١٩٠-١٩٤)

بایەخ و گرنگی ئەم ئایینە لای ئەو مەڵبەندە کوردییانە تەنیا باوەڕهێنان نەبوو بە ئایینێکی نویٚ و سوودوەرگرتن لە پەیامێک، کە دەسەڵاتداری ساسانی باوەڕی پیٚ هێنابێت، بەڵکو کۆمەڵی کوردەواری لەو قۆناغەدا ئامانجی وەرگرتنی پەیامێک بوو، کە پەیامبەرکەی لە نێویاندا بوونی هەبوو. سەرەڕای دوورکەوتنەوە لەو چەندین ئایین و بیروباوەڕانەی، کە یەکێتی ڕۆحی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەیان بەرەو پەرتەوازەیی و پەشێوی بردبوو. وێڕای دوورکەوتنەوەیان لە کۆت و بەندی بەردەوام و بێسنووری موغەکان، بۆیە ئاستی بڵاوبوونەوەی فراوان و کاریگەر بوو. بە تایبەت لە نێو توێژەکانی بازرگان و کاسبکار و پیشەوەر و ڕۆشنبیرانی ناوچە کوردنشینەکاندا.[٧] (لاهوری، ١٣٤٩ ش: ٢٨)، (امروهوی، ١٣٥٢ ش: ٣٥) لەم بوارەدا زۆر پێدەچێت بازرگان و پیشەوەر و ڕۆشنبیرانی شارەکانی (کەرکوک و هەولێر و ڕوها و نوسیبین و هەمەدان و کەنگاوەر و حولوان) لە پێشەنگی یەکەمین باوەرهێنەرانی ئەو ئایینە بووبن و پشتیوانیان لیٚ کردبێت.

کاتێکیش لە ساڵی (٢٥٢ز) لە لایەن شاپوورەوە لە (مانی) درا و ئایینەکەی قەدەغە کرا.[٨] (الیعقوبي، ١٣٥٨ هـ: ١٢٩/١) ناوچە کوردنشینەکان، بە تایبەت لاپاڵی چیاکانی کوردستان بوونە یەکەمین ویستگەی داڵدەدانی (مانی) و دەربازکردنی لە دەست بەرپرسانی ساسانی، چونکە ئەو پاش ئەو ڕووداوە بەر لەوەی بگاتە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرێتی ساسانی و بەرەو هیندستان ڕای کرد، ژیانێکی نالەبار و سەخت و ژێرزەمینیی بەسەر برد و لەژێر چاودێری توندی کاربەدەستانی ساسانی دا بوو. (رئیس نیا،١٣٧٩ : ٨١٧/٢)(تابانی، ١٣٨٠: ٣٤٥) بۆ ئەوەشی بگاتە ناوچە دووردەستەکانی خۆرهەڵات دەبوایە بە مەڵبەند و ناوچە کوردنشینەکاندا تێپەڕێت. لە لایەکی ترەوە ئەو فشار و چاودێریکردن و ڕاوەدوونانە مانییەکانی کوردستانیشی گرتەوە، بۆیە بڵاوبوونەوەی لە دوای ساڵی (٢٥٢ز) لە کوردستاندا سنووردار کرا و باوەڕهێنان پێی بە قۆناغی نهێنیدا تێپەڕی، بۆیە لەو سەردەمە بەدواوە جگە لە سەردەمی هورموزی یەکەم نەبێت، کە ئازادی بڵاوبوونەوەی ئەو پەیامەی دا فشارێکی توند کەوتە سەر بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا. بەمەش چاودێری لەسەر پەیڕەوانی دانرا، تا ئەو ئاستەی بەرپرسانی ساسانی هەموو ڕێگایەکیان لە دژی پەیڕەوانی گرتە بەر، چونکە بە کۆسپ بۆ ئایینی زەردەشتیان دەزانی. (کرسیتنسن،١٩٥٧: ١٩١)، (گریشمن،١٣٧٠: ٨٥) هەر بۆیە سنووری باوەڕهێنان بەم ئایینە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بەرەو کەمبوونەوە چوو، تا ئەوەی لە سەدەی سێیەمی کۆچی بەرامبەر بە دەیەمی زایینی شوێنەواری لە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی نەما (المسعودی: ٣١/٤، ٢٤٤) کە کوردستانیش لەو سەردەمەدا بەشێک بوو لەو دەوڵەتە.

**٥- ئایینی مەزدەکی:** ئەم ئایینەش بۆ (مەزدەک کوڕی بامداد/٤٨٨-٥٣٦ز) دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی (قوبادی یەکەم/٤٨٧-٥٣١ز)ی پادشای ساسانی دەرکەوت و وەک ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆڕێتی ساسانی ناسرا. (مهرین:١٢٨-١٢٩) مەزدەکیش لەسەر بنەمای دوانەپەرەستی سەری هەڵدا. بنەماکەشی لە پەیڕەوی بەرگسپییەکان و ئایینی مانی و بیری دوانەی یونانی کۆن وەرگیرا بوو[٩] (الشهرستاني، ١٣٢٠ هـ : ٨٦/٢ )، (نفیسی،١٢٣١ش: ١٤٩) بەڵام بە پەیڕەو و بیرێکی فەلسەفی نوێوە و وەک پەیڕەوێکی چاکساز دەرکەوت (کرسیتنسن،١٩٥٧: ٣٢٦). ئەگەرچی وا باوەڕ دەکرێت وەک پێویست کاریان نەکردە سەر کوردستان، بەڵام جێگای گومان نییە پەیڕەوانیان لە کوردستاندا بۆ دروست بووە (ئەنوەر،٢٠٠٤: ١٠٤-١٠٩). ئەوەش بەوەی بە دەرکەوتنیشی گەیشتۆتە کوردستان و کاری لە کۆمەڵگاکەی کردووە. ئەوەش بەم بەڵگانەی خوارەوە:

ا ) دەرکەوتن و ڕاگەیاندنی پەیامەکە لە (تەیسەفون)ی پایتەختی ئیمپراتۆرێتی ساسانییەوە سەرچاوەی گرت، خودی ئەو پایتەختەش لە ناوچە کوردنشینەکانەوە زۆر نزیک بوو.

ب) لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو پەیامە نوێیەوە لە لایەن (قوبادی یەکەم) پێشوازیی لێ کرا و باوەڕ بە ئایینەکەی هێنرا. ئەمەو بە فرمانێکی شاهانە کرایە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆرێتی ساسانی و دەست بە بڵاوکردنەوەی کرا. بەو پێیەشی بەشێکی زۆری خاک و دانیشتووانی کوردستان لە بەشەکانی خۆرهەڵات و باشوور و خۆراوا و تەنانەت بەشێکی باکووری کوردستانی باکووریش لە سنووری قەڵمڕەوی ئیمپراتۆڕێتی ساسانی و دەسەڵاتدارێتی (قوبادی یەکەم)دا بوو، بۆیە بواری بڵاوبوونەوەی لە ناوچە کوردنشینەکاندا ئاسان بوو.

ج) ئەو (دوو) داوایەی، کە (مەزدەک کوڕی بامداد) بانگەشەی بۆ کرد و بریتی بوون لە (دابەشکردنی سامان بە یەکسانی و ئازادی ژن و فرەژنی) بۆ ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردەواری زۆر پێویست بوو، چونکە لە بارودۆخێکی دواکەوتوویی و نەداری و زەوتکردنی مافەکانی ژن دەژیا. ئەمەو جگە لەوەی بەشێکی زۆری لاوەکانی کورد لەو سەردەمەدا توانای ئەوەیان نەبوو کە خێزان دروست بکەن. ناوچەی هەورامانیش وەک یەکێک لە ناوچەکانی کوردستان، باوەڕێکی زۆریان بە ئازادی و مافی ژنان هەبوو، بۆیە پێشوازییان لەو پەیامەی (مەزدەک) کرد. (البیروني، ١٨٧٨م: ٢٠٩)، (مهرین: ٧٨٣)، (امروهوی،١٣٥٢: ٦٢-٦٣)، (زەند،١٩٧٧ز، ٥١).

هـ) لە کاتێکدا ئەم ئایینە بڵاوبووەوە، کوردستان ژێردەستە و داگیرکراوی زلهێزەکانی (ئەشکانی و ساسانی) لە خۆرهەڵات و بیزەنتی لە خۆراوا و ئەرمەنستان لە باکوور، بوو. لە هەریەک لەم

دەوڵەتانەشدا کۆمەڵێک باج و سەرانەی تایبەت بەسەر دانیشتوانی کوردستان سەپێنرابوو، کە لە زۆربەی کاتدا لە سەرووی توانای کۆمەڵانی خەڵکەوە بوو. بە ڕادەیەک لە ئیمپڕاتۆڕێتی ساسانیدا باج لە پیشەوەر و کاسبکار وەردەگیرا، سەرەڕای سەپاندنی باج بەسەر جوتیار و بازرگان و خاوەن موڵکەکاندا. (احمد سوسە: ١٢٢) ئەم دیاردەیەش لە ئیمپڕاتۆڕێتی بیزەنتیدا بێبەری نەبوو، بۆیە توێژەکانی بازرگان و پیشەوەر و زەحمەتکێشەکان باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێنا، تا لەژێر سێبەری ئەو ئایینەدا لەو باج و سەرانە و لەو کۆت و زنجیرە سەپێنراوانە، ڕزگاریان ببێت.

و) هەوڵەکانی مەزدەک بۆ ئەوەی، کە ئایینەکەی بۆ خزمەتی کۆمەڵگا و ڕازیکردنی پەروەردگار بەکار بهێنێت. هەروەها پەیڕەوانی ئایینەکە لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ، کە دادوەریی کۆمەڵایەتی تێدا باڵادەست بێت، هەوڵەکانیان خستە گەڕ و وەک ئەرکێکی ئایینی کاریان بۆ کرد. باوەڕیشیان وابوو بێ بەدیهاتنی دادوەری کۆمەڵایەتی نە مانایەک بۆ ئایین دەبێت و نە مانایەک بۆ ئەرکی ئایینی. (ئەنوەر، ٢٠٠٩ز: ٢/٩٠-٩١)

**٦- ئایینی یارسان:** سەبارەت بەم ئایینە و مێژوویی دەرکەوتنی و بڵاوبوونەوەی بە کوردستان و لە نێویشیان لەم ناوچەیەدا، چەندین بەرهەم و توێژینەوە ئەنجام دراوە. هەریەک لەو توێژنەوانەش تا ئاستێک کەلێنێکی باشیان لەو مێژووە پڕ کردۆتەوە. دیارە بەو پێیەشی کە دەرکەوتنی ئەم ئایینە لەنێو خاکی کوردستاندا بووە، بۆیە ئاسایی هەڵێنجراوی نێو ناخی ئەو تاکانەی دانیشتوانی کوردستان بووە (هورامانی، ١٩٨٤ز: ٦٧-٧٤) کە سەرچاوەی ئەم ئایینە بوون. ئەمەو لە لایەکی دیکەوە بەو پێیەی سەرەتاییترین مێژووی ئەم ئایینە دیار نییە و ئاڵۆزی پێوە دیارە، بۆیە ناتوانین بە کۆنترین مێژووی ڕاستەقینەی ئەم ئایینە بگەین، بەڵام ئەوەندە ساخ بۆتەوە، کە یەکێک لە دیارترین مەڵبەندەکانی ئەم ئایینە لە کۆنەوە تا بە ئیمڕۆ دەگات، ناوچەی هەورامان بووە.

هەر لە لایەکی ترەوە خودی کتێبی سەرەنجام لە دەقێکی تریدا مێژووی ئەم ئایینە بۆ (سوڵتان ئیسحاق) دەگێڕێتەوە (سەرئەنجام: دەورەی حەوتەوانە، ٣٥). مەبەستیش لەو سوڵتانە (ئیسحاق کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی)یە، کە ساڵی (٦٧٢ک/١٢٧٣ز) لەدایک بووە، بەڵام ساڵی کۆچی دوایی نەزانراوە. (ئیدموندز، ١٩٧١م: ١٧٠).

لە لایەکی ترەوە (بترۆفسکی)یش وەک خۆرهەڵاتناسێکی ڕووسی، مێژووی ئەم ئایینە بۆ سەدەی نۆیەمی کۆچی گێڕاوەتەوە و گەیشتۆتە ئەوەی کە لای کوردەکان بە (کاکەیی) و لای فارس و ئێرانییەکان بە (عەلی ئیلاهی) ناسراوە (کشاورز: ٣٢٥). (سی. دی. ئەدمۆنز)یش ڕیشەی کاکەیی بۆ ڕێبازێکی سۆفی هەرێمی

لۆڕستان دەگێڕێتەوە، کە دواتر بەرەو ناوچەی هەورامان هاتووە و بۆتە مەڵبەندی یەکەمی ئایینەکە. ئەمەو بێ ئەوەی ئەو خۆرهەڵاتناسە ئاماژە بەو ڕێبازە بکات، کە ئایینەکەی لێوەرگیراوە (ئیدموندز: ١٧٥-١٧٦). (مینۆڕسکی)یش وەک خۆرهەڵاتناسێکی ڕووسی ئەم ئایینەی بە ئایینێکی کوردی ناوبردووە بێ ئەوەی ئاماژە بە مێژووەکەی بکات. (مینورسکی،١٩٦٧م: ٥٦).

لە کۆی ئەو دەقانەوە دەگەینە ئەوەی، کە مێژووی ئەم ئایینە ئەوەندە کۆن نییە وەک لەو دەقەی (سەرەنجام)دا هاتووە، بەڵام ئەوەندەش نوێ نییە وەک سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلام باسی دەکەن. هەروەها سەرچاوەکەشی خودی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) یان هاوەڵانی نین، وەک هەندێک سەرچاوە باسیان لێوە کردووە، بەڵکو خودی ئایینەکە مێژوویەکی دوورتر لە دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامی هەیە، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام و ئەو فشارەی لەلایەن دەوڵەتانی خەلافەت و بەتایبەت دەوڵەتانی (ئومەوی و عەباسی) کرایە سەری ناچار کرا، بکەوێتە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلام و ئەو کۆمەڵ و ئایینزایانەی لە ناواخنی ئایینی ئیسلام جیابوونەوە .

کاتێکیش لە مێژووی ئەو ئایینە و پێشەواکانیان ورد دەبینەوە دەگەینە ئەوەی، کە زۆربەی هەرە زۆری پێشەواکانیان کورد و خەڵکی کوردستان بوون، کە لەو کەسایەتیانەدا خۆیان بینیووەتەوە:

١- (عومەر کوڕی لەهەب) ناسراو بە (بەهلول): ئەم کەسایەتییە لە سەدەی دووەمی کۆچی بەرامبەر بە هەشتەمی زایینی ژیاوە و لە بنەماڵە و خێزانێکی کورد و لە (تەنگە گۆڵ)ی نزیک (سەرچاوە سپی) سەر بە پارێزگای کرماشانی ئیمرۆ لە وڵاتی ئێران، لەدایکبووە. (مێژووی یارسان: دەستنووس، ل٦)، (دانکیری: ل١٦٤ ) بە پێ چەند سەرچاوەیەک ئەم کەسایەتییە یەکێک بووە لە نزیکەکانی (هارون ئەلرەشید/١٧٠-١٩٣ک/٧٨٦-٨٠٨ز) پێنجەمین خەلیفەی عەباسی و (ئیمام جەعفەر سادق/٨٣-١٤٨ک/٧٠٢-٧٦٥ز) شەشەمین ئیمامی شیعەکان بووە. (مێژووی یارسان٧-١١)، (شوشتری ێ٣٦).

٢- باوە سەرهەنگی داودانی: بە پێی دەقێکی سەرەنجام ئەو پێشەوایە لە ساڵی (٢٢٤ک/٨٣٧ز) لەدایک بووە و بە دووەمین نوێکەرەوەی ئەم ئایینە ئەژمار کراوە، بەڵام سەبارەت بە ماوەی تەمەن و کۆچی دوایی کردنی زانیارییەکی وەها لەبەر دەستدا نییە.

وە سەنەی سێسەد، بیست و چوار هیجری

هاتف نام ئەو، چە شاهۆ چڕی

٣- شاخۆشین: ئەم کەسایەتییەش (شاخۆشین) ناوی (موبارەک شا کوڕی جەلالە خانمی کچی میرزا ئەمان)ی فەرمانڕەوای لۆڕستان بووە. ئەو ساڵی (٤٠٤ک/١٠١٣ز) لەدایک بووە و لە تەمەنی (٣٢) ساڵی واتە لە ساڵی (٤٣٦ک/١٠٤٤ز) کۆچی دوایی کردووە. (جیحون ابادی: ٢٧٣-٢٧٩)

٤- باوە ناوسی جاف: ئەم کەسایەتییەش لە سەدەی پێنجەمی کۆچی بەرامبەر سەدەی یانزیەمی زایینی ژیاوە و نوێگەرەوەیەکی تری ئایینەکە بووە. (سەرئەنجام، کەلامی باوە نووسی جاف).

٥- سوڵتان ئیسحاق: ئەم کەسایەتییە دیارترین نوێکەرەوەی ئایینەکە بووە، کە ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی بیروڕای جیاوازی لەسەرە، بەڵام ئەوەندە ساخ بۆتەوە کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی بەرامبەر بە سیانزەیەمی زایینی ژیاوە. (جیحون ابادی: ٤٢٦).

هەر لێرەوەش بەهۆی ئەو (پێنج) پێشەوایەی ئەم ئایینەوە، کە بە نوێکەرەوەی ڕاستەقینە ناسراون و بەشێکی تۆمارەکانی (سەرەنجام)یان بۆ دەگەڕێتەوە هۆکاری بڵاوبوونەوەی بوون بە ناوچەکانی شارەزوور و هەوراماندا لە سەدەکانی (سێیەم بۆ هەشتەمی کۆچی) بەرامبەر بە (نۆیەم بۆ سیانزەیەمی زایینی. هەروەها ڕۆڵیان گێڕاوە لە دروستکردنی (جەمخانە) وەک پەرەستگای ئایینی و شوێنی خوداپەرەستی و کۆبوونەوەی کاکەییەکان. (جیحون ابادي: هـ .س، ٢٧٣-٢٩٣)، (بۆرەکەیی، ٢٠٠١ز: ٥٠٧) کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لە چەند ناوچەیەکی کوردستان وەک (کەرکوک و هەڵەبجە و هەورامان و لۆرستان) بوونیان هەیە.

دەرکەوتنی ئایینزاکان و ڕێبازە تەسەوفییەکان لە هەورامان:- دوای گەیشتنی ئایینی ئیسلامیش بە کوردستان و بەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی لە کاتی هاتنەسەرکاری (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب) لە ساڵی (٣٥ک/٦٥٥ز) وەک چوارەمین خەلیفەی ڕاشدی، سەرەتاکانی دەرکەوتنی چەندین ڕێباز و ئایینزای جیاجیا دەرکەوتن[١٠] (الرازي: ٢٠٠٦)(رستم: ٢٠٠٤)، کە تا ئاستێک کاریگەرییان لەسەر کورد و خاکەکەی هەبوو.

بەڵام سەبارەت بە دەرکەوتنی هەردوو ڕێبازی تەسەوفی (قادری و نەقشبەندی)، ئەوا دەرکەوتنی (ڕێبازی قادری) پێش (ڕێبازی نەقشبەندی) کەوتووە. لە نێو ئەو (دوو) ڕێبازەشدا (ڕێبازی نەقشبەندی) بە زوویی گەیشتە ناوچەی هەورامان و بووە یەکێک لە مەڵبەندەکانی ئەم ڕێبازە تەسەوفە ئایینەییە. ئەم ڕێبازەش لەلایەن (پیر دەبر خودا موحەممەد بەهائەددینی بوخارایی) دامەزرا، کە لە نێوان ساڵانی (١٣١٧-١٣١٩ز) ژیاوە. (نیکیتین،١٩٩٨ز: ٦١٤-٦١٥) بەر لەمەیش لە لایەن (عەبدولخالیق غەدجوانی) هەندێک ڕێ و ڕەسمی تایبەتی بۆ دانرا، بەڵام وەک (پیری بوخاری)، کە دواتر بە (شاهی نەقشبەند) ناسرا، دەرنەکەوت. (عەسەکەری،١٩٨٣ز: ١٤) بەڵام سەبارەت بە گەیشتنی ئەم ڕێبازە بە کوردستان و بڵاوبوونەوەی بۆ (مەولانا

The Quarterly Journal of Shinrwe

خالیدی شارەزووری) دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی (١٨١٠ز) سەردانی شاری (دەلهی)ی هیندستانی کرد و لە لای (شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی) خوێندی و ئەم ڕێبازەی لێوەرگرت. (قەرەداغی، ٢٠٠٣ز: ١٣-١٤) کاتێکیش لە ساڵی (١٨١١ز) گەڕایەوە شاری سلێمانی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان، لەگەڵ خۆی ئەو ڕێبازەی هێنایە کوردستان و مەڵبەندی ئەو میرنشینە کوردییە. بەمەش سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ڕەخسا. ئەم کەسایەتییەش ساڵی (١٧٧٠ز) لە شارۆچکەی قەرەداغ لەدایک بووە و ساڵی (١٨٢٧ز) لە شاری (دیمەشق) کۆچی دوایی کردووە. دوای ئەمیش ڕێبازەکە بۆ (شێخ تەهای نەهری) و دواتر بۆ (شێخ عوبەیدوللای نەهری) گوێزراوەتەوە. (ماکدوال، ٢٠٠٢ز: ١١١/١) تا لە دواییدا گەیشتووەتە (شێخ زەیائەددینی نەقشبەندی) و دواتریش بۆ (شێخ عەلائەددین)ی کوڕی و بە دوایدا بۆ (شێخ سیراجەددین عوسمان کوڕی شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی) لە ناوچەی هەورامان گوازراوەتەوە.(١١) (نەقشبەندی، ١٩٨٤)

ئەمەو نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت، کە بەهۆی دەرکەوتنی ئەو ئایین و ئایینزا و ڕێبازە تەسەوفییانە، پەرەستگاکان دەرکەوتن، کە سەرباری ئەوەی سیمای ئایینەکان و مەڵبەندی خوداپەرەستیان بوون، لە هەمان کاتدا شوێنی کۆبوونەوە و بڕیاری سیاسی دەسەڵاتدارانی مێژووش بوون. ئەمەو لەگەڵیشدا شوێنی خوێندن و فێربوون بوون.(١٢) لەم ڕووەوە بەو پێیەی کوردستان مەڵبەندی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی چەندین ئایین و ئاینزا و پەیڕەوانی ئایینی بووە لە مێژوودا، بۆیە هەورامان مەڵبەند و پێگەی چەندین پەرەستگای ئایینە جیاجیاکان بووە. ژمارە و جۆر و ڕۆڵی پەرەستگاکانیش بەپێی گەورە و بچووکی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە لایەک و باوەڕی ئایینیی لە لایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە. لەم بوارەشدا دەکرێت هەردوو خانەقای (بیارە و تەوێڵە)ی شێخانی نەقشبەندی و جەمخانەکانی پەیڕەوانی کاکەیی لە گوندەکانی (هاوار و شوشمێ) بە نموونە بهێنینەوە، کە لە نێوان سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم دیارترین مەڵبەندی ئایینی ناوچەی هەورامان بوون .

لەگەڵ ئەوەشی چەندین ئایین و باوەڕ گەیشتنە ناوچەی هەورامان و دانیشتوانەکەشی هەر لە کۆنەوە ئایینی بوون، بەڵام چەندین بانگەشەی غەزا بۆ دژایەتیکردنیان بەکار هێنرا. لەم بوارەدا لە قۆناغی مێژووی کۆندا ئاشوورییەکان لە هەزاری یەکەمی پێش زایین لە بەرامبەر لێدانی لۆلۆییەکان، بانگەوازی جەنگی پیرۆزیان لە دژیان ڕاگەیاند، تا ئەوەی سەرچاوە ئاشوورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بە پشتیوانی خوداکانیان دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان کۆمەڵکوژ کردووە. لەم بارەوە پادشاکانی ئاشووری بە شانازییەوە باسیان لە کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە و بەتاڵانبردنی سەرو سامانی خەڵکەکەی و سوکایەتی کردن بە دیلەکان کردووە. ئەو کارەشیان بۆ بەجێهێنانی فرمانی خوداکانیان و ڕەزامەندیان زانیووە.(١٣)

(ئەردەشێری کوڕی بابەکان)یش لە ساڵی (٢٢٨ز) لەسەر داوای (تەنسر) موغی موغەکانی زەردەشتی و بە بەرگێکی ئایینی بانگەشەی غەزای لە دژی دانیشتووانی شارەزوور ڕاگەیاند کە لەو سەردەمەدا ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان و سلێمانی ئەمڕۆ بەشێک بوون لێی. لەم بارەشەوە (ئەردەشێر) بۆ ڕازیکردنی موغەکانی زەردەشتی و لێدانی دانیشتووانە خۆڕپەرەستەکەی شارەزوور، شەرعییەتی بە کوشتار و کۆمەڵکوژی دانیشتوانی شارەزوور و بە تاڵانبردنی سەروسامانی خەڵکی دا. لەم بارەوە تەنسر داوای لەو سوپایە کرد، کە ئەرکی لێدانی ئەو ناوچەیەی پێ سپێردرا، لە کوشتاری ژن و پیر و مناڵ و دیل دەست نەپارێزن، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی و لێخوشبوونی ئاهورامازدا وەربگرن.(١٤)

کاتێکیش سوپای عەرەبی لە ساڵی (٦٣٧ز) لە دەروازەکانی کوردستانیان دا لەسەر فرمانی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) غەزایان لە دژی دانیشتوانی شارەزوور بە هەڵەبجە و هەورامانەوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەو ناوچەیە ڕاگەیاند. بۆ ئەم مەبەستەش (سێ) سوپای لە ژێر سەرکردایەتی (عەیازی کوڕی غەنەم و عەمری کوڕی عەزەی کوڕی قەیس و ئەبا عوبێدەی ئەنساری) یەک لە دوای یەک بۆ گرتنی ئەو ناوچانە نارد. سەرئەنجام دوای ئەوەی هەر (سێ) سوپاکە یەک لە دوای یەک تێکشکێنران، دوایەمین سەرکردەیان لە دامێنی چیای شنرۆی کوژرا، کە ئەمڕۆ بە (عەبابەیلێ) لای ئێمەی کورد ناسراوە. ناوی گوندی (عەبابەییلێ)شی لێ وەرگیراوە. بەمەش سەرەتاکانی قۆناغی مێژووی ناوەڕاست بۆ ئێمەی کورد دەستی پێکرد. (ابن الأثیر١٣٥٣ه، ٣٧٣/٣ - ٣٧٤)

ساڵی (٧٠٠ز) لە سەردەمی خەلیفە (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان) بە هۆی (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی) غەزا لە دژی هەمان ناوچە ڕاگەیەنرا و جێبەجێ کرا. لەسەر ئەو بڕوایەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هاوکاری (عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەس)یان کرد بوو وە داڵدەی لایەنگرانیان دابوو. بەپێی سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان (سەد) دیلی کوردی ناوچەکە لە گۆڕەپانی شاری کۆفە و بۆ چاوترساندنی خەڵکی و بە دەستی حەجاج و پیاوەکانی سەریان لە جەستەیان جیا کرایەوە.(١٥)

لە سەردەمانێکی دواتردا (ئەبو ئەلعباسی سەفاح)ی یەکەمین خەلیفەی عەباسی بە ناوی لێدانی لایەنگرانی بنەماڵەی ئۆمەوی غەزای لە دژی دانیشتوانی ناوچەکە ڕاگەیاند و کۆمەڵێکی لێ کۆمەڵکوژ کردن، تا نازناوی (سەفاح) بە واتا (خوێنڕێژ)ی لە بەرامبەر چەندین تاوانی لەو جۆرەدا بە سەردا بڕا. (إبن الأثیر: ە. س، ٣٣٩/٥- ٣٤٠، ٣٦٠، ٣٨٧-٣٨٨، ٣٩٦-٤٠٢).

ساڵی (١٢٥٧ز)یش هۆلاکۆی ئیلخانی لە بەرامبەر ملکەچکردن بە ئیرادەی دانیشتوانی هەڵەبجە و هەورامان و باوەڕهێنانیان بە بتپەرستی، غەزای لە دژیان ڕاگەیاند. بەپێی سەرچاوەکان هەزاران کەسی لە ژن و پیر و مناڵ و دیلی ناوچەکەی کوشت. بەپێی هەندێ تۆماری مێژوویش سەری (سێ سەد) کەسیان خستە بەردەم خودای (چغتو) خودای گەورەی مەغوڵەکان، تا سوپاسگوزاری خۆیانیان پێی ڕابگەیەنن. (قەفتان،١٩٦٩ز: ٣٣١)

(تەیمور لەنگ)یش لە ساڵی (١٤٠٣ز) بانگەشەی غەزای لە دژی ئەو ناوچە ڕاگەیاند، لەبەر ئەوەی ملکەچییان بۆ بڕیار و ژێر دەستی ئەو داگیرکەرەی مێژوو ڕانەگەیاند. (بریون،٢٠٠١)

لە قۆناغی مێژووی نوێیشدا هەزاران ڕۆڵەی ئەم ناوچەیە لە ململانێی نێوان هێزەکانی سەفەوی شیعە و عوسمانی کۆمەڵکوژ کران. دەسەڵاتداریێتی میرنشینی ئەردەڵان لەم ناوچەیە، تا ساڵی (١٦٣٨ز) و دواتر دەسەڵاتدارانی میرنشینی بابان لە نێوان ساڵانی (١٦٥٠–١٨٤٧ز) لەم ناوچەیە، سەرباری ئەوەی هەوڵی پاراستنی ناوچەکەیان دا و لەو پێناوەدا قوربانییەکی زۆریاندا، بەڵام نەیانتوانی لە دووڕیانی سیاسەتی (عوسمانی- ئێرانی) دەربچن و ڕزگاریان بێت. لەوانەشە جێگای سەرنج بێت ئەوەندی قوربانییەکان لە پێناو ڕازیکردنی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو زلهێزە دراوە، ئەوەندە بۆ پاراستنی ناوچەکە و کوردستان نەبووە. وەک ئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی میر و سەرۆک هۆزەکانی کورد بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە زلهێزانەوە گرێ درابێت![١٦]

کاتێکیش لە ساڵی (١٩٢١ز) دەوڵەتی عیراق دامەزرا و لە ساڵی (١٩٢٥ز) ناوچەکانی کوردستانی باشور بەو دەوڵەتەوە گرێدران، لێرە بە دوا ناوچەکە بۆ ژێر دەسەڵاتی پادشایەتی عیراق دواتر (کۆماری عیراق) گەڕایەوە و بە ناوی پاراستنی سیستەمی سیاسی عیراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتێکی تازە دامەزراوی نامۆ بە کوردستان و ناوچەکە، هەزاران ڕۆڵەی ئەم ناوچە کرانە قوربانی. هەروەها بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە فتوای غەزایان لە دژ ئەنجامدا، کە دیارترینیان کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بوو لە (١٦ی ئازاری١٩٨٨ز). ئەو تاوانەی زیاد لە (پێنج هەزار) ڕۆڵەی ئەو شارەی تێدا کرانە قوربانی و بوونە قوربانی دەستی ئەو سیاسەتەی خۆی بە کۆڵەکەی غەزاوە داگرتبوو .

لە نێو ئەو تۆمارە مێژووییانە و وەک ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردییدا بمانەوێت قەرەبووی زیانەکانی ڕابردوو بۆ ئەو ناوچەیە بکەینەوە، تازە بە تازە بانگەشەی غەزایەکی تریان لە دژ ئەنجام دەدەین و ناهێڵین لە ژێر سێبەری ئازادییەکی کاتی کە دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ ماوەیەکە پێیان ڕەوا بینیووین بحەسێنەوە.

لێرەوە جێگای خۆی نییە بڵێین: تاکەی ملکەچی ئەو یاسایەی داگیرکەران بین، کە دەڵێت ''ئەوەی بە کوێری ڕاهات...بە ڕووناکی نامۆیە''!؟

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیە و دوای تاوتوێکردنی دەیان سەرچاوە بە زمانەکانی (عەرەبی، کوردی، فارسی) گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

بیروباوەڕی ئایینی لە هەوراماندا مێژووییەکی کۆنی هەیە، تا ئەوەی بەشێکی بیروباوەڕە ئایینییەکانی مێژوو یان لە کوردستان سەریان هەڵداوە یان گەیشتوونەتە خاک و دانیشتوانەکەی .

ناوچەی هەورامان بە دیارترین ناوچەکانی کوردستان دانراوە، کە زۆرترین ئایین و باوەڕکانی مێژووی پێگەیشتووە و باوەشی بۆ زۆریان کردۆتەوە و پەیڕەویان هەبووە. هەر لە هاتنی ئایینەکانی (جوو، زەردەشتی، مەسیحی، ئیسلام)، تا بە دەرکەوتنی ئایینی یارسان (کاکەیی) دەگات لە هەورامان. ئەمەو جگە لە دەرکەوتنی چەندین ڕێبازی تەسەوف وەک (قادری و نەقشبەندی).

هەر یەک لەو ئایین و ڕێبازانەی ئاماژەیان پێکرا، کاریگەریی خۆیان لەسەر باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری ئەو تاک و خێزانانە دروست کردووە کە باوەڕدار و هۆگری یەکێک بوون لەو ئایینانە. خودی ئەو کاریگەرییەش بەهۆی پێشەوا و زانا و ئەو مامۆستا ئایینیانەوە بووە کە لە پەرەستگا ئایینییەکانەوە هەوڵی بڵاوکردنەوە و دواتر ڕوونکردنەوەی ئایینەکەیان داوە .

(ڕێبازی تەسەوفی نەقشبەندی)، کە لە سەدەی نۆزدەیەم گەیشتۆتە هەورامان، بە دیارترین ڕێبازی تەسەوف دادەنرێت، کە قوڵاییەکی بەهێزی لەنێو دانیشتوانی هەورامان و هەورامییەکان دروست کردووە، تا ئەوەی خانەقاکانی ڕێبازی نەقشبەندی، ڕۆڵی گەورەیان لەسەر ئاوەدانی ناوچەکە و خوێندن و خوێنەواری و ڕاکێشانی هەزاران مورید و خوێندکار هەبووە، بۆ فێربوون و وەرگرتنی تەریقەت لە هەورامان.

**پەراوێزەکان:**

١- بڕوانە: نەخشە جوگرافیی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- محمد بن جرير الگبری: تاريخ الامم والملوک، الطبعة الاولی، دار الفكر للطباعة-بيروت، لبنان، ١٩٨٨م، ١/ ١٤٤-١٤٥، ابی الحسن عزالدين ابن الاثير: الكامل فی التاريخ، الطبعة الرابعة-بيروت، لنبان، ١٩٩٤م، ٨٢/١-٨٣ ، عمادالدين اسماعيل ابن الكثير: البداية والنهاية فی التاريخ، حققه وضبطه وعلق عليه وخرج احاديثه: علی عبدالحميد ابوالخير ومحمد وهبی سليمان ومعروف مصطفی زريق، الطبعة العاشرة، دار الخير-دمشق، بيروت، سوريه، ١٩٩٩، ص٥٩.

٣- تەورات: میرەکانی دووەم، ١٥: ٢٩، هەواڵی یەکەم ڕۆژ، ٢٦: ٥، احمد سوسه: مفصل العرب واليهود فی التأريخ، الطبعة الاولی، بغداد، العراق، ١٩٨١م، ص٣٠٥-٣٠٦يعقوب يوسف كوريه: يهود العراق، الطبعة الاولی، عمان-الاردن، ١٩٩٨م، ص٦.

٤- د.جمال رشيد احمد وفوزی رشيد: ه.س، ل١٢٧، ويدن گرن: س.پ، ل١٨، احمد سوسه: ابحاث فی اليهودية و الصهيونية، الطبعة الاولی، دار الامل، دمشق- سوريا، ٢٠٠٣م، ص١١٢-١١٣ .

٥- پيكولوسكايا و ديگران: ه.س، ل٨٣، ر. گيرشمن: ايران از اغاز تا اسلام، ترجمه: محمد معين، چاپ هشتم، شركت انتشارات علمی و فرهنگی وابسته به وزارت فرهنگ و اموزش عالی- چاپخانه شركت انتشارات علمی و فرهنگی- تهران، ايران، ١٣٧٠هـ .ش، ص(٣٧٨-٣٨٢)، ارثر كريستنسن: س.پ، ل(٦٩-٧٠) .

٦- بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: (کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم- لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی-ئایینی)یە، چاپی یەکەم، سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٤ز، ل (٨٣-٨٥) .

٧- محمد اقبال لاهوري: سير فلسفة در أيران، ترجمة: ا.ج. اريان پور، چاپ أول، نشرية شمارة (٨)، مؤسسه فرهنگی منطقه ای تهران، ايران، ١٣٤٩ه.ش.، ل٢٨، خيال امروهوی: عقايد مزدك، چاپ دوم، مؤسسة مطبوعاتي عطايي- چاپ پيام، تهران، ايران، ١٣٥٢ه.ش، ل٣٥، حسين قاسم العزيز: البابكية او انتفاضة الشعب الأذربايجاني ضد الخلافة العباسية، الطبعة الأولی، دار الفارابي-مكتبة النهضة، بغداد، العراق، ١٩٧٩م، ص١١٥.

٨- احمد بن ابی يعقوب المعروف ب(اليعقوبی): تاريخ اليعقوبی، الطبعة الاولی، مطبعة الغری- النجف، العراق، ١٣٥٨ه، ١٢٩/١، غلامرضا انصاف پور: تاريخ زندگی اقتصادی روستائيان و طبقات اجتماعی ايران از دوران باستان تاپايان ساسانيان، چاپ أول، تهران، ايران، د.چ، ص٣٧٠، رازی: س.پ، ل١١١.

٩- الشهرستاني: الملل والنحل، الطبعة الأولى، المطبعة الأدبية في سوق الحضار القديم بمصر، القاهره، مصر، ١٣٢٠ه، ٨٦/٢، سعيد نفيسى: تاريخ تمدن ساسانى، چاپ أول، إنتشارات دانشگاه تهران، تهران، ايران، ١٢٣١ه.ش، ص١٤٩، خيال امروهوى: س.پ، ل(١٧-٢٠).

١٠-بۆ ئەم مەبەستە: بڕوانە: ((الفرق بين الفرق و بيان الفرق الناجية منهم، دراسه و تحقيق: مجدى فتحى السيد، الطبعة الاولى، مكتبة التوفيقية- القاهرة، مصر، بلا ، فخر الدين ابو عبدالله محمد بن عمر بن حسين الرازى: اعتقادات فرق المسلمين و المشركين، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربى- بيروت، لبنان، ٢٠٠٦، رستم: الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات، الطبعة الاولى، دار الاوائل- دمشق، سوريا، ٢٠٠٤م)).

١١-بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (ئەمین علاالدین نەقشبەندی: تەسەوف چی یە؟، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٤ز)

١٢-ابو القاسم النصيبى المعروف ب(ابن حوقل): صورة الارض، الطبعة الاولى، دار مكتبة الحياة-بيروت، لبنان، ١٩٧٩م، ص (١٨٩، ١٩٤)، القلقشندى: صبح الاعشى فى صناعة الانشاء، الطبعة الاولى، مطابع كوستاتسموماس-القاهرة، مصر، بلا، ٣٥٨/٤، د. سواد الرويشدى: امارة موصل فى عهد بدرالدين لؤلؤ، الطبعة الاولى، مطبعة الارشاد-بغداد، العراق، ١٩٧١م، ص٢٩٤.

١٣-بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ((د.جمال رشيد وفوزى رشيد: تاريخ الكرد القديم، الطبعة الاولى، اربيل، العراق، ١٩٩٠م، ص(٣٥-٤٠) )).

١٤-بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (ارپر كريستنسن: ايران فى عهد الساسانين، ترجمة: يحيى الخشاب، الطبعة الاولى، بغداد، العراق، ١٩٥٧م، ص٧٥-٧٦).

١٥-بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ابى محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبه: الإمامة والسياسيه، تحقيق: عبدالمنعم عامر، القاهرة، مصر، ١٩٦٠م، (٣١/٢-٤٧)، ابن الاثير: س. پ، (٤٣/٤، ٨٥-٩٢)

١٦-بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا: میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٩٩٩ز).

**سەرچاوەکان:**


- ابن الأثير ابى الحسن، عزالدين (١٣٥٣)، الكامل فى التأريخ، الطبعة الاولى، دمشق، سوريه.
- ابن الاثير ابى الحسن، عزالدين(١٩٩٤)، الكامل فى التاريخ، الطبعة الرابعة-بيروت، لنبان.
- ابن الكثير، عمادالدين اسماعيل (١٩٩٩)، البداية والنهاية فى التاريخ، حققه وضبطه وعلق عليه وخرج احاديثه: على عبدالحميد ابوالخير ومحمد وهبى سليمان ومعروف مصطفى زريق، الطبعة العاشره، دار الخير-دمشق، بيروت، سورية.
- ابو القاسم النصيبى المعروف ب(ابن حوقل) (١٩٧٩)، صورة الارض، الطبعة الاولى، دار مكتبه الحياه-بيروت، لبنان.
- ابن قتيبة ابى محمد عبدالله بن مسلم (١٩٦٠)، الإمامة والسياسيه، تحقيق: عبدالمنعم عامر، القاهرة، مصر.
- ابو اسحاق رفائيل (١٩٤٨)، تاريخ نصارى العراق، الطبعة الاولى، بغداد، العراق.
- الاب البير أبونا (-) تأريخ الكنيسة الشرقية من إنتشار المسيحية حتى مجئ الإسلام، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان.
- ابى، يعقوب احمد(١٣٥٨)، تاريخ اليعقوبى، الطبعة الاولى، مطبعة الغرى-النجف، العراق.
- الدباغ، تقى (١٩٩٢)، الفكر الدينى القديم، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة-بغداد، العراق.
- الطبرى محمد بن جرير(١٩٨٨)، تاريخ الامم والملوك، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة-بيروت، لبنان.
- الرازى، فخر الدين ابو عبدالله محمد بن عمر بن حسين (٢٠٠٦)، اعتقادات فرق المسلمين والمشركين، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربى- بيروت، لبنان.
- الرويشدي سوادي، عبد محمد(١٩٧١)، امارة الموصل في عهد بدر الدين لؤلؤ : ٦٠٦ - ٦٦٠هج / ١٢٠٩ - ١٢٦١م، الاحوال السياسية والعسكرية، الادارة، الاحوال الثقافية، الاحتلال المغولي. الطبعة الاولى، مطبعة الارشاد-بغداد، العراق.
- استخرى (١٩٦١)، المسالک و الممالک، تحقيق: د.محمد جابر عبدالعال الحسينى مراجعة: محمد شفيق غربال، الطبعة الاولى، القاهرة-الجمهورية العربية المتحدة.

- البيروني، ابوريحان(١٨٧٨)، الاثار الباقية عن القرون الخالية، نشر: ادوارد سخاو، الطبعة الاولى، طبع ليبرنج- هولندا.
- الشهرستاني(١٣٢٠)، الملل والنحل، الطبعة الأولى، المطبعة الأدبية فى سوق الحضار القديم بمصر، القاهره، مصر.
- القلقشندي، أبو العباس أحمد (١٩٢٢)، صبح الاعشى فى صناعة الانشاء، الطبعة الاولى، دار الكتب المصرية، القاهرة، مصر.
- النديم (١٩٨٨)، الفهرست، الطبعة الثالثه، دار المسيرة- بيروت، لبنان.
- انصافپور،غلامرضا (١٣٥٣)، تاريخ زندگى اقتصادى روستائيان و طبقات اجتماعى ايران از دوران باستان تا پايان ساسانيان، چاپ أول، تهران نشر انديشه.
- امروهوى ،خيال(١٣٥٢)، عقايد مزدک، چاپ دوم، مؤسسه مطبوعاتى عطايي- چاپ پيام، تهران.
- ئەنوەر، کەیوان ئازاد(٢٠٠٤)، مانیزم- لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی- ئایینی)یە، چاپی یەکەم، سلێمانی، عێراق.
- ئیدمۆندز سیسیل جی (١٩٧١)، کرد وترک وعرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الاولى، مطبعة التايمس-بغداد، العراق.
- ئەنوەر کەیوان ئازاد (٢٠٠٩)، مێژووی ئایینەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.
- ئەنوەر کەیوان ئازاد(٢٠٠٨)، چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق.
- باقر طه (١٩٥٦)، مقدمة فى تأريخ الحضارات القديمة، الطبعة الأولى، مطبعة الحوادث- بغداد، العراق.
- بەهمەنی هادی (٢٠٠١)، پەیامی هەورامان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق.
- بريون مارسيل (٢٠٠١)، بیرەوەرییەکانی تەیمور لەنگ، وەرگێرانی: حەمەی حەمە سەعید، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.
- بنيامين رحله (١٤٠٧)، تقديم و تحقيق و تعليق: محمد عبدالله الشرقاوى، الطبعة الاولى، طبع و نشر الرئاسة العامة لادارات البحوث العلمية و الافتاء و الدعوة و الارشاد-الرياض-السعودية.

- بهار مهرداد(۱۳۷۱)، ادیان اسیایی، چاپ اول، انتشارات چشمه- چاپ مهدی، تهران.
- بۆرەکەیی سدیق (۲۰۰۱)، کاکەییەکان و ڕێ و ڕەچەیان، چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق.
- بغدادی عبدالقاهر (-)، الفرق بین الفرق وبیان الفرق الناجیة منهم، دراسة و تحقیق: مجدی فتحی السید، الطبعة الاولی، مكتبة التوفیقیة- القاهرة، مصر.
- پترۆشۆفسکی ئیلیاپاوولویچ(۱۳۵۵)، اسلام در ایران، ترجمە: کریم کشاورز با پاروقی محمد رضا حکیمی، چاپ اول، تهران.
- تابانی حبیب الله (۱۳۸۰)، وحدت قومی کرد و ماد-منشا نژاد-تاریخ تمدن کردستان، چاپ ڕول، نشره گستره، تهران.
- جمال رشید احمد وفوزی رشید(۱۹۹۰)، تاریخ الكرد القدیم، الطبعة الاولی، مطابع دار الحكمە-اربیل، العراق.
- دیاکۆنۆف ئی. م (۲۰۰۵)، میدیا، وەرگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق.
- رئیس نیا رحیم (۱۳۷۹)، اذربایجان در سیر تاریخ ایران ، چاپ أول، تهران نشر مبنا.
- رستم (۲۰۰٤)، الفرق والمذاهب الاسلامیة منذ البدایات، الطبعة الاولی، دار الاوائل- دمشق، سوریا.
- زەند، کریم (۱۹۷۷)، زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، عێراق.
- زەند، کەریم (۱۹۷۱)، ئایین و باوەر لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، عێراق.
- زکی، محمد امین (۱۹۳۱)، کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، بەغداد، عێراق.
- مشیرالدوله میرزا سید جعفر مهندس باشی (۱۳٤۸)، رساله تحقیقات سرحدیه، به اهتمام: محمد مشیری، چاپ اول، انتشارات بنیات فرهنگ ایران-تهران.
- عبدالحلیم وزمیله کمال (۱۹۸٥)، الیهود فی العالم القدیم، الطبعة الاولی، دار القلم-بیروت، لبنان.
- مرعی فرست (۲۰۰۸)، الیهودیة و المسیحیة فی کردستان، الطبعة الاولی، دار اراس للطباعة و النشر- اربیل، اقلیم کردستان العراق-العراق.

- گریشمن رومن (١٣٧٠)، ایران از اغاز تا اسلام، ترجمة: محمد معین، چاپ هشتم، تهران شرکت انتشارات علمی و فرهنگی وابسته به وزارت فرهنگ و اموزش عالی.
- نصیری بطرس (١٩٠٥)، ذخیره الاذهان فی تواریخ المشارقة و المغاربة السریان، الطبعة الاولی، الموصل- العراق.
- عبدالغنی علی یحیی (-)، العملاق ذو الرؤوس السبعة، مجله کاروان، العدد (١٣)، السنه الثانیة، اربیل العراق.
- کورانی علی سیدو. زردشت والزرادشتیة، مجلة المجمع العلمی الکردي، العدد (١)، القسم (٢)، بغداد، العراق، ص٢٢٥.
- عەسکەری، مستەفا(١٩٨٤)، ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقە، چاپی یەکەم، بەغداد، عێراق.
- شیر ادی(١٩٠٤)، اشهر شهداء المشرق، الطبعة الاولی، الموصل-العراق.
- کریستنسن ارپر(١٩٥٧)، ایران فی عهد الساسانیین، ترجمة: یحیی الخشاب، الطبعة الاولی، بغداد، العراق.
- لاهوری، محمد اقبال(١٣٤٩)، سیر فلسفه در إیران، ترجمه: ا.ج. اریان پور، چاپ أول، نشریه شماره (٨)، مؤسسه فرهنگی منطقه ای تهران، ایران.
- قاسم العزیز حسین(١٩٧٩)، البابکیة او انتفاضة الشعب الاذربایجانی ضد الخلافة العباسیة، الطبعة الأولی، دار الفارابی-مکتبه النهضة، بغداد، العراق.
- نفیسی، سعید(١٢٣١)، تاریخ تمدن ساسانی، چاپ أول، إنتشارات دانشگاه تهران، تهران.
- مینورسکی، ڤیلادیمیر(١٩٦٧)، الاکراد، ملاحظات وانطباعات، ترجمة: د.معروف خزندار، الطبعة الاولی، مطبعة النجوم-بغداد، العراق.
- شوشتری، قاضی نور الله (١٣٥۴)، مجالس المؤمنین، چاپ اول، تهران، کتابفروشی اسلامیه.
- نیکیتین، واسیل (١٩٩٨)، کورد-لێکۆڵینەویەکی سۆسۆلۆجی و مێژوویە، وەرگیرانی: خالیدی حیسامی، چاپی یەکەم، چاپخانی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەسەکەری، مستەفا (١٩٨٣)، ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی حەقە، پیاچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلا-بەغداد.

- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٣)، سلێمانی زەمینەی پەرەسەندن و ململانێی تەسەوف، چاپی یەکەم، چاپ و ئۆفسێتی بەرهەم-سلێمانی.
- ماکدوال، دیڤید (٢٠٠٢)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون-سلێمانی.
- نەقشبەندی ئەمین علاالدین(١٩٨٤)، تەسەوف چی یە؟، چاپی یەکەم، بەغداد.
- قەفتان، ساڵح (١٩٦٩)، مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە تا ئیمرۆ، چاپ یەکەم، چاپخانەی سلێمان الاعقمی- بەغداد، عێراق.
- مستەفا، نەوشیروان(١٩٩٩)، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.
- هەرشەمی، شاسوار. خ (١٩٩٩)، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.
- هورامانی، محمد امین (١٣٨٠)، مێژووی هەورامان، چاپی یەکەم، انتشارات بلخ-تاران، ئێران.
- هورامانی، محمد امین(١٩٨٤)، کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانە الحوادپ-بغداد.